

# ڕەنگی قاوەیی جوانترین مۆدەیە بۆ جەنتای دەست

جەنتا جوانییەکی ڕازاوە و ناسکی هەیە، کاتێکدا لەگەڵ جوانی جلەکان و جەستەدا بگونجێت، وەك هاوڕێیەکی تایبەت وجوان هەمیشە هاوڕێی خانمان دەبێ، دیمەنێکی جوان و بەرچاو دەبەخشێت کاتێك خانمێك جەنتایەکی ڕازاوە و بە ڕەنگێکی شایستە و نەخشێکی تایبەت هەڵدەگرێت. بۆ جوانی ئەنجامی جەنتایەکی دەستی خانمانە لە ڕەنگێکی تۆخ و سەرەنجراکێش. دەبێ شێوەیان جوان و ڕازاوە بێ، تەنانەت ڕەنگی کراوەش چاوەڕوان دەکرێ بۆ ئەوەی جەنتای دەست کراوە و دیمەنێکی ناسکی هەبێ. یەکێك لە سیفاتە جوانەکانی جەنتا، بریتییە لە شێوە و ڕەنگی جەنتاکە، چونکە لەم دوو ڕێگەیە جوانییەکەی دەردەکەوێ، بوونی ڕەنگێکی قاوەیی کراوە لەگەڵ ڕەنگی سپی تێکەڵ، دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی جەنتای دەست. لێرەدا شتێك هەیە، ئەگەر توانرا شێوە و ڕەنگی پشتێن لەگەڵ شێوە و ڕەنگی جەنتا ڕێکبخرێ، ئەوەیە ئەنجامی جوانترین و ناسکترین دیمەنی ئێکسسوارە سەرەکییەکان.





# ئێکسسواری گوڵەکان بۆ قژی خانمان

## شەرمین خان لە ساڵۆن ستۆکهۆڵم بۆمان ئامادە دەکات

ئێکسسوارەکان بە جوانترین شێواز خانمان ڕازاوەتر دەکەن، لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی جوان و ناسك دەبەخشن، هەروەها دەتوانن لایەنی دیکەش سەرەنجراکێش بکەن. ئەو ئێکسسوارانەی خانمان سوودی لێوەردەگرن بریتییە لە : گوڵی سەر – تۆقە – ملوانکە – گوارە، چەندەها لە جۆرەکانی دیکەی ئێکسسوارەکان.

ئەوەی باسی دەکەین بریتییە لە ئێکسسواری تۆقە، یان گوڵی سەر، ئەم ئێکسسوارە دەکرێ بۆ دوو لایەن سوودی لێوە ربگرێت، یەکێکیان لە ڕێگەی بەستنی قژ بۆ ئەوەی بۆ ئەو مۆدەیە دابنرێت، دواتریش وەك هێمایەك بۆ جوانی و ڕازانەوەی قژی خانمان. دەکرێ گوڵە ناسکەکان بەکاربهێنرێ لە کاتی ئاساییدا، چونکە جوانییەکەی بۆ گشت کاتێك دەگونجێت، بەڵام زیاتر ئەو ئێکسسوارە یان مۆدەیە لە قژی خانمانی بووك دادەنرێت.





# بازنگە ڕەنگاوڕەنگەکان دەستەکانت ڕازاوەتر دەکەن



هەردەم جوانکاری خانمان لە چەند هەنگاوێکی تایبەتدا دەست پێدەکات و دەردەکەوێ، وەك سوود وەرگرتن لە کەرەستە و ئێکسسوارە سەرەکی و ناسەرەکییەکان. لەوانەش بازنگ بە ئێکسسواری سەرەکی دادەنرێ چونکە جوانییەکی ڕاستەوخۆ بە دەستی خانمان دەبەخشێت. لێرەدا دەبێ گرنگی بازنگ لەگەڵ جوانی دەست دەربخەین، بەهۆی ئەوەی گونجاندنێك لە نێوانیان دروست دەبێ بۆ جوانی و ناسکی لە پۆشینی بازنگ.



یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی بازنگ بریتییە لە بازنگە گەورەکان، ئەو جۆرەی شێوازێکی سەرەنجراکێش و جوان لە خۆ دەگرێ، ئەمەش بەهۆی گەورەیی شێوەی بازنەکەوەیە کاتێك لە دوورەوە دەردەکەوێ، دەبێتە دەرکەوتنی لە دەستەکان لەگەڵ گشت جۆرە جلێکدا. بە تایبەت ئەو بازنگانەی لە چەندەها ڕەنگ نەخشی بۆ کراوە، چونکە بازنگە ڕەنگاوڕەنگەکان زیاتر دەردەکەون لە بازنگی ڕەنگ سادەکان.





# دیکۆرێکی ناسک و هێمن بۆ مـــاڵ هەڵبژێرە

بۆ دەرکەوتنی دیمەنێکی سەرەنجراکێش و دیـــار لـــە ماڵەکەتدا، بەهـــۆی ئەوەی ماڵەکان پێویســـتیان بە دیکۆرێکی گەورە و ناســـك دەبێ، لەم ڕێگەیە دەکرێ سوود لە ڕەنگەکان وەربگرین بۆ ئەوەی دیمەنێکی جوان بە ماڵەکان ببەخشین، چەندەها ڕەنگ هـــەن دەکرێ لـــە ماڵەکانـــدا وەك ڕەنگی دیکۆرەکان بەکاربهێنرێ، تەنانەت ڕەنگەکان زیاتر کاریگەریان لەسەر جوانی دیکۆری ماڵ هەیە.

یەکێك لەو ڕەنگە سەرەنجراکێشانە بریتییە لە ڕەنگی (زێـــڕ) یان زەردی تـــۆخ، ئەو ڕەنگە لە ڕەنگی (شـــەکەری) نزیك دەبێتەوە، بەڵام زیاتر وەك ڕەنگی زێڕ دەردەکـــەوێ کاتێك لە دیکـــۆری ماڵەکان دادەنرێ. جوانییەکـــی گەورە لەم ڕەنگەدا هەیە، ئەویش دەکرێ لە گشـــت شوێنێکی ماڵدا دابنـــرێ، لە دیکۆری دیوارەکان، کەرەستەکان، زەوی مـــاڵ. بەمەش دەکـــرێ دیکۆرێکی ڕازاوە و ناســـك بۆ دیکۆری ماڵ ئامادە بکەین.



# کراسە ناسکەکان و جوانییەکی بەرچاو بۆ جەستە

مۆدەی جلوبەرگەکان شێوازێکی سەرەنجراکێش دەگرنە بەر بۆ ئەوەی لە دیمەنێکی ناسك و کراوەدا بە جوانترین و ڕازاوەترین شێواز، لە جوانی جلەکان ڕازاوەیی و ناسکی جەستەی خانمان دەردەکەوێ، بە جۆرێك دەبێ جوانی جەســـتە لەگەڵ جوانی و شـــێوازی جلەکان بگونجـــێ. تەنانەت ئەگەر شـــێوەی کراســـەکان لەگەڵ جەستە نەگونجێ، بۆ نموونە: جلەکە گەورەتر بێ لە پێوانەی جەستە، دەبێتە هۆی ناشیاوی جوانی جلەکان.

یەکێـــك لـــە سەرەنجراکێشـــترین جلـــەکان بریتییە لە کـــراس، ئەم جـــۆرە کراســـە بەرچاوییەکـــی گـــەورەی هەیە، لەگەڵ ڕازاوەیی لە جوانی و گونجاندنی لەگەڵ جەســـتەدا، هەروەها شـــێوەی ئەو کراسە ســـەرتاپای جەستە دەپۆشێت، بەمەش جوانی لەش دەردەخات ئەگەر کراســـەکە بە پێوانەی جەســـتە دابنرێت یـــان هەڵبژێردرێت. یەکێك لە جوانترین شـــێوەی ئەو کراسانە بریتییە لە خاوی کراسەکە، بە جۆرێك بەسەر جەستە دێتە خوارەوە وەك ئەوەی کراســـێکی خاو بێت.





## دەبێ ئەوە بــەرخ بێ یان ســەگ!

ئەوەی دەیبینن دەبێتە یەکێك لە سەیرترین گیانــداره خۆماڵییــەکان، تەنانەت جێگەی سەرســوڕمانی و جوانییە، کەسیش نازانێ چ جۆرە گیانداریکە، ئەگەر وێنەکان ببینن ڕەنگــە لە نێوان بەرخ و ســەگ دابێت، لە وڵاتی هەنگاریا ســەیرترین جۆرە ســەگ هەیە، یەکێــك لەو جۆرە ســەگانە بریتییە لەم ســەگەی دەیبینن، جەستەی ئەوەندە بە تووکە وەك بەرخ دەردەکەوێ. بەم جۆرە سەگە دەڵێن (بۆلش)، ئەوەندە تووکی هەیە ئەوەندە جەستەی نییە. تەنانەت رووخسار و چاویشی دەرناکەوێ، ئەوەی ســەیر بێ شێوەی دەمی ســەگەکە لە بەرخ یان مەڕ دەچێ، بەمەش لێکچوونێك لە نێوانیان دروســت دەبێ، بۆیە نازانرێت ئەمە سەگە یان بەرخە.



## یاری (چێڵ و گا) سەرشێتەکان

بەکارهێنانــی گیانــداران بۆ یاری و کاره ســێرکەکان، کــە هەندێك جار کارەســات و ناخۆشــی لێدەکەوێتەوە، تەنانەت دەبێتە هۆی ئازاردانی مرۆڤ و گیاندارەکەش، وەکو یارییەك بۆ خۆشی سەرەتای ئەو یاریە لە وڵاتی ئیسپانیا ســەری هەڵدا، کاتێك (گا)یەکان شێت دەبوون، ئەوانیش ســوودیان وەردەگرت لە سەرشــێتی ئەو گیانــدارە و، وەك یارییەکی خۆش بەکاریان دەهێنا.

ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە دیمەنەکانی یاری گا سەرشێتەکان، بەڵام لەم یاریە چێڵیــان بەکارهێناوە لە جیاتی (گا)، ئەمەش لــە وڵاتی ئەفریقیــا ئەنجام دراوە، کە هیچ لەم یارییە نازانن و بۆیە یەکێك لە یاریزانەکان شاخی چێڵێکی بەر باڵی کەوتووە و نیوەی شاخەکە لە جەستەی گەنجەکە چۆتە ژوورەوە.

## خانووەك

دوای ئــەوەی لە وڵاتــی چین، چەند پرۆژەیەکی گەورە و تایبەت بڕیاری بۆ درا، لە ناوچەیەکی تایبەت کە کۆمەڵە خانوویێك لەم ناوچەیە هەبوو، بۆیە بڕیار درا ئەم خانووانە تێکبدرێن و لە شوێنێکی دیکــەدا بۆیان دابین بکرێتــەوە، بەڵام وادیارە یەکێك لە خاوەن خانووەکان ڕازی



# تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت

یەکێك لە ناخۆشترین کارەساتەکان کە تووشی مرۆڤ دەبێ دزی کردنە لە ماڵ و کەرەستەکانی دەبرێن، کاتێك تووشی ئەو لایەنە دەبێت بەهۆی ئاگادار نەبوونی لە کەرەستە یان هەڵگرتنی کەرەستە و پارە پوولەکانت، زۆر جار دزەکان بە ئاسانی شتەکان دەدۆزنەوە، بۆیە دەبێ فێڵ لە دزەکان بکەین بۆ ئەوەی شوێنی کەرەستە و شتەکان پێنەزانن.

ئەمەو چەندین ڕێگەی سەیر و جوان دۆزراتەوە، بە جۆرێك دزەکە ئەوەندە بگەڕێ و هیلاك بێ نەتوانێت شتەکان بدۆزێتەوە، ڕێگاکانیش لەم جێگایانەیە کەدەکرێت ڕەستەکان دابنرێت : لە ناو سویچی کارەبا – بەرگی سی دی – مۆم – کتێبەکان ناوەوەی دەردەهێنرێت و تەنیا بەرگ دەمێنێت، بەم جۆرە دەتوانین دزەکان ماندوو بکەین لەوەی ئەوەندە بگەڕێت بە دوای کەرەستەکان بەبێ ئەوەی شتێك بدۆزنەوە.






# شاجوانی وڵاتی بەنگلادیش !



هەموومان ئەو کرێکار و کەسانەمان بینیوە کە لە وڵاتانی ئاسیا هاتوون و لە کوردستان کار دەکەن، بە تایبەت ئەوانەی بە بەنگلادیشەکان ناسراون، هەردەم ئەو کەسانەن شێوەیان ڕەنگ ئەسمەرە و یان لاواز و جەستەیان ناسکە، ئەوەی سەیر بێ وادەزانین گشت خەڵکی ئەو وڵاتە بەم شێوەیەن، بەڵام نابێ وا بیر بکەینەوە ، چونکە خەڵکی ئەو وڵاتە هەموویان بەم شێوەیە نین.

ئەو خانمەی دەبینن، یەکێکە لە خەڵکی وڵاتی بەنگلادیش و ئێستا هەڵبژێردراوە بۆ نازناوی شاجوانی ئەو وڵاتە، ئەو خانمە ناوی (کریش)ە و تەمەنی (٢٤) ساڵە باوکی بەنگلادیشییە و دایکی خەڵکی تانیایە، بە جوانترین کچی ئەو وڵاتە دادەنرێت، ڕەنگە لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهان، نازناوی شاجوانی جیهان وەربگرێت.

# ...ەم نافرۆشم !

نەبووە لەسەر رووخاندنی خانووەکەی، بۆیە تەنیا خانووی ئەو ماوەتەوە لە ناوەڕاستی شوێنێکی ئامادەکراو بۆ پرۆژەکان.

ئەگەر سەیرێکی وێنەکە بکەن، دەبینن خانووەکە لە ناوەڕاستی پرۆژەکەیە، تا ئێستا حکوومەت و کەرتی تایبەت پارەیەکی خەیاڵیان بە خاوەنی خانووەکە داوە کە نزیکەی (١٠٠) هەزار دۆلاریان پێداوە، کەچی هەر رازی نابێت لەسەر فرۆشتنی خانووەکەی، چونکە خۆی دروستی کردووە و دڵی نایێت کەسێك دەستکاری خانووەکەی بکات، ئەمە بۆتە گرفتێك تا ئێستا چارەسەر نەکراوە.





# وێنه‌ و نه‌خشی سه‌یری سه‌ر شووتی



به‌هره‌ سه‌یره‌کان له‌ گشت لایه‌نێك سه‌رهه‌ڵده‌دات و ده‌بێته‌ به‌رهه‌مێکی جوان له‌ چاوی گشت که‌سێك، ئه‌مه‌ش له‌م کارانه‌ ده‌رده‌که‌وێ کاتێك خاوه‌ن بیرۆکه‌ جوانه‌کان بیر له‌ داهێنانێکی تازه‌ و جوان ده‌که‌نه‌وه‌، که‌ هه‌رگیز بیری لێوه‌ نه‌کراوه‌ته‌وه‌. وادیاره‌ چینییه‌کان پێشه‌نگن له‌ بیرکردنه‌وه‌ له‌ به‌هره‌ سه‌یره‌کانیان.
دوای ئه‌وه‌ی له‌ وڵاتی ژاپۆن توانرا شووتی چوارگۆشه‌ به‌رهه‌مبهێنرێت، بۆیه‌ چینییه‌کانیش به‌ به‌رهه‌مێکی تازه‌ی شووتی که‌ نه‌خش و وێنه‌ کێشانه‌ له‌سه‌ر شووتییه‌کان، بوونه‌ خاوه‌ن به‌هره‌یه‌کی دیکه‌. وه‌ك ده‌بینن چۆن شووتی به‌ جوانترین شێواز نه‌خش و وێنه‌ی بۆ نه‌خشێنراوه‌، ئه‌وه‌ی سه‌یره‌، ئه‌م کارانه‌ له‌لایه‌ن وێنه‌کێشانه‌وه‌ ئه‌نجام نه‌دراوه‌، به‌ڵکو له‌لای که‌سانی ساده‌ و ئه‌وانه‌ی گرنگی به‌ وێنه‌کێشان ده‌ده‌ن ئاماده‌کراوه‌.








## ئه‌وه‌ منداڵه‌ یان بووکه‌ شووشه‌یه‌!

سه‌یرکردنی ئه‌و منداڵه‌ وه‌ك بووکه‌ شووشه‌یه‌کی باربی دێته‌ به‌رچاو، ته‌نانه‌ت ئه‌وه‌نده‌ له‌ بووکه‌ شووشه‌ ده‌چێ، شێوه‌ی ناچێته‌وه‌ سه‌ر منداڵی راسته‌قینه‌، ئه‌و منداڵه‌ به‌هۆی چه‌ند نه‌خۆشییه‌ جینییه‌کان له‌ گه‌شه‌ وه‌ستاوه‌، شێوه‌ی رووخساریشی وه‌ك مرۆڤ نییه‌ و له‌ منداڵی ده‌ستکرد ده‌چێ.
(میشێل) ئه‌و منداڵه‌ بچووکه‌ی له‌ وڵاتی ئوسترالیا ده‌ژییت، ته‌مه‌نی ئێستای بۆته‌ نزیکه‌ی (٩) ساڵ، که‌چی ئه‌گه‌ر به‌ شێوه‌ی رووخساری ته‌مه‌نی دیار بکه‌ی، به‌ منداڵێکی (١) ساڵان ده‌چێ، له‌ دوای میشێل منداڵێکی دیکه‌یان بووه‌، ئه‌وه‌ی دووه‌م وه‌ك منداڵێکی ئاساییه‌ و به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ گرفتێکی هه‌بێ، به‌مه‌ش ده‌بێته‌ یه‌کێك له‌ سه‌یرترین منداڵه‌کانی جیهان له‌وه‌ی شێوه‌یه‌کی ئه‌وه‌نده‌ بچووکی هه‌بێ، ده‌بێ بڕوا بکه‌ن ئه‌وه‌ منداڵێکی راسته‌قینه‌یه‌ نه‌وه‌ك بووکه‌ شووشه‌ یان منداڵی ده‌ستکرد !



## سه‌یرترین خه‌وتنی مرۆڤ !






خه‌وتن به‌ چه‌نده‌ها شێوه‌ و جۆر ده‌گۆڕێت، له‌ هه‌ندێك حاڵه‌تدا ده‌بێته‌ خه‌وێکی خۆش، کاتێك له‌ شوێنێکی خۆش بخه‌وی، له‌ هه‌مان کاتیشدا ناخۆش ده‌بێ کاتێك شوێنه‌که‌ت ته‌نگ و ناخۆشبێت. که‌چی به‌لای ئه‌و گه‌نجه‌ سه‌ر شێته‌، شوێنه‌ ناخۆشه‌کان جێگه‌ی خه‌وێکی خۆشه‌ بۆی، ئه‌ویش به‌ هه‌موو ئه‌قڵی له‌ شوێنێك ده‌خه‌وێت ته‌نانه‌ت مرۆڤ ده‌ترسێ ئه‌گه‌ر سه‌یری ئه‌و شوێنه‌ش بکات.
له‌ باکووری وڵاتی چین، له‌ ناوچه‌یه‌کی هه‌ژار کوڕه‌ گه‌نجێك شه‌وانه‌ له‌سه‌ر لێواری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و شوقه‌یه‌ ده‌خه‌وێت، ئه‌و کوڕه‌ گه‌نجه‌ ناوی (شیۆنگ)ه‌ و ته‌نیا له‌ ژوورێك ده‌ژییت، تێبینی کراوه‌ شه‌وانه‌ له‌سه‌ر ئه‌و لێواره‌ ده‌خه‌وێ به‌بێ ئه‌وه‌ی بکه‌وێ یان شتێکی به‌سه‌ر بێت.



## باخچەی ڕەنگ (پەمەیی و وەنەوشەیی)یش پەیدا بوو

هەردەم باخچە و شـوێنە گـژو گیاکانمان بە سـەوزی بینیوە، بەڵام چی دەبێ ئەگەر سەیری باخچەیەك بكەین ڕەنگی (پەمەیی یان سـوور) بێ، ئەمە وەكـو خەونێك دێتە بەرچاو لەوەی لەلامان سـەیر دەبێ، چۆن دەبێ گژ و گیا لە ڕەنگێكی دیكە بێت جگە لە ڕەنگی سـەوز، كە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیەتی !

كەچی ئەمە شتێكی مەحاڵ نییە و توانراوە كاری لەم جۆرە ئەنجـام بدرێت، لە وڵاتی ژاپۆن توانیان گـەورە باخێك ئامادە بكەن، بە مامەڵە كـردن لەگـەڵ توێكڵەی ئەو بەرهەمانــەی لەم باخەدا هــەن، بۆ ئەوەی بە ڕەنگی پەمەیی و وەنەوشـەیی بڕوێت، لە ئەنجامی تاقیكردنەوەكەیان سەركەوتنیان بەدەسـت هێنـا و توانیان كارەكـە ئەنجام بـدەن، بۆیە هەڵسـان بە دروسـت كردنی باخچەیەكـی گەورە لە گژ و گیا و گوڵی ڕەنگی پەمەیی و وەنەوشـەیی، بە جۆرێك سەرتاپای ڕووەكان لەم ڕەنگە دەركەوتووە و تەنانەت ڕەنگی سەوز لە هیچ شوێنێكی ئەم باخەچەیە دەرناكەوێت.



## سەیرترین دوو بووك لە جیهان

خانمانـی بـووك بیر لە هەموو جۆرە شـتێك دەكەنەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ئاهەنگی خۆیان بە جوانترین شێوە دەربكەوت، كەچی وادیارە ئەو خانمــە زۆر بە جوانی بیری لە ڕۆژی بە بووك بوونی خۆی كردۆتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە یەكێك لــە بووكە دەوڵەمەندەكانی جیهان و كاری خۆی بە ئاسانی جێبەجێ بكات.

(جوان كێنت)، ئەو خانمەیە لە وڵاتی بەریتانیا دەژییـت، بەر لــە (٢) مانگ لە سـازدانی ئاهەنگی گواسـتنەوەی، هەڵدەستی بە دزینی (٧٥٠) هــەزار دۆلاری ئەمەریكـی، لــەم كۆمپانیایــەی كە كاری لێدەكـرد، ئەو خانمە بەرپرسـی گواسـتنەوەی پارە بووە بۆ ئەوەی ئـەو ڕێژە پارەیـە بگەیەنێتــە كۆمپانیایەكی ئەمەریكی، كەچی واینەكردووە و لە گیرفانی خۆی داناوە. ئەمە دەبێتە یەكێك لە سـەیرترین كارەكانی خانمی بـووك. لە وێنەی دووەمیش وێنــەی ئەو دوو بـووك زاوایەمــان داناوە كە دەمامكیان داوە لە ترسـی ئەنفلوەنزای بەراز و ماچی یەكتر دەكەن لەسەر دەمامك !



## هەلیكۆپتەر و مرۆڤ یەكسانن

یەكێـك لــە سـەیرترین ئامێـر یان فڕۆكەكانــی سـەربازی، بریتییە لە فڕۆكــەی (هەلیكۆپتــەر)، بیرۆكەی ئەو فڕۆكەیە لەسەر شێوەی باڵندەیەكی بچووك ناسراو بە (تەیارۆكە) وەرگیراوە، كــە توانــای هەڵگرتنــی كۆمەڵــە كەسـێكی هەیە بەبێ ئەوەی بكەوێت.

بــۆ تاقیكردنەوەیەكــی تایبەت بیریان لە هەڵگرتنــی هەلیكۆپتەرێك كردەوە لەلایەن مرۆڤــەوە، واتە بە پێچەوانەی كارەكەی خۆی.

لــە ویلایەتی فلۆریــدای ئەمەریكی، كۆمەڵ سـەربازێكیان تەرخان كرد بۆ ئــەوەی هەلیكۆپتەرێــك هەڵبگرن، لە دوای تاقیكردنەوەكــە، نزیكەی (١٥) سـەرباز بەشـدار بوون لە هەڵگرتنی فڕۆكەكە، ئەوەی سـەیر بێ لە دوای تاقیكردنەوەكــە، بۆیــان دەركــەوت هەڵگرتنی هلیكۆپتەر و سـوار بوونی چەند سـەربازێك هەمــان ژمارەیە كە ئەگــەر هلیكۆپتــەر هەڵبگــرن، یان هەلیكۆپتەر هەڵیان بگرێت !

